# داواكارییەكانی كوردەكان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی پارلەمانی ئاڵمان

بە پێی لێكدانەوەكان 700000 كورد لە وڵاتی ئاڵمان دەژین.* (ژمارەی راستەقینە بە پێی لێكدانەوەكان زیاتر لەوەیە). زۆربەی كوردەكان وڵاتی ئاڵمان وەک شوێنی سەرەكی ژیان دەبینن، بە تایبەت بەرەی نوێ و لاوان خۆیان وەک ئاڵمانی دەبینن، هەر بۆیە وەک ئەندامانی چالاكی ناو كۆمەڵگا بە وردی سەرنج دەدەنە گۆرانكارییە سیاسیەكان، لە وانە هەڵبژاردنی پارلەمانی سەراسەری ئاڵمان.

زیاتر لە 60%ی هاووڵاتیانی توركیە كە بوونەتە ئاڵمانی، كوردەكانن، كە ژمارەیان لە زیادبوون دایە. داخوازی وەرگرتنی ناسنامەی ئاڵمانی لە ناو كوردەكاندا گەڵێک زۆرترە لە ترک و عارەب و فارسەكان، لە بەر ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ئەوان لە وڵاتەكەی خۆیان قەبوڵ ناكرێ و لە سەرەتایی ترین مافی هاووڵاتی بێ بەش كراون.

كوردەكان لە بەر پێوەندی دووروویانەی نێوان ئاڵمان و توركیا ناتوانن لە ئاڵمان كەڵک لە مافە رەواكانی خۆیان وەربگرن. ئەوان هەم لە لایەنی سیاسی و هەم لە لایەن راگەیاندنە گشتییەكانەوە وەک كورد حیسابیان بۆ ناكرێ و بە ترک و عارەب و فارس ناودێر دەكرێن. ئەو مافانەی كە كۆچەرانی نەتەوەكانی دی بەكاری دەهێنن لە كوردەكان زەوت كراوە یان وەک ئەوان خاوەن مافی یەكسان نین.

ئێمە وەک ئاڵمانی بە رەگەز كورد یەكمان گرتووە بۆ بەربەرەكانی لە گەڵ سیاسەت و هەڵس وكەوتی نایەكسانی دەرحەق بە خۆمان.

ئێمە لە هەڵبژاردنی پێش وەختی ئاڵمان لە مانگی سپتامبری ،2005 دەنگ بەو حیزبە دەدەین كە مافەكانی خوارەوەی ئێمە بە رەسمی دەناسێ:

1– كوردەكانی ئاڵمان دەبێ وەک نەتەوەیەكی سەربەخۆ حیسابیان بۆ بكرێ.
2– زمانی كوردی دەبێ وەک زمانەكانی تری كۆچەران حیسابی بۆ بكرێ. هەروەها دەبێ دیالێكتەكانی زمانی كوردی لە رادیۆ و تەلەوزیۆنەكان بەكار بهێندرێن.
3– زمانی كوردی لە خوێندنگاكانی دەوڵەتی دەبێ وەک زمانی رەسمی خویندكارانی كورد بە دەرس بگوترێتەوە.
4– رێكخراوە مەدەنیەكانی كورد و ناوەندەكانی فەرهەنگی دەبێ وەک ناوەندەكانی نەتەوەكانی تر پشتیوانی ماڵیان لێ بكرێ. بە تایبەت دەبێ پشتیوانی لە چالاكی لاوانی كورد بكرێ و یارمەتی بدرێن بۆ ئەوەی لە بواری شوغلی و دەرسی دا پێش كەون.
5– باوەڕی ئایینی كوردەكان وەک(عەلەوی،مەسیحی، سوننی و یەزیدی) دەبێ بە رەسمی بناسرێن و هەمەرەنگی ئایینی لە چوارچێوەی نەتەوەییدا وەک دەرسی ئایینی لە خوێندنگاكان بەكار بهێندرێن.
6– داخوازییە نەتەوییەكانی كورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ دیاری كردنی مافی چارەنووس، ئازادی و دێمۆكراسی دەبێ پشتیوانی لێ بكرێ.

دەستپێشخەران:

Suleyman Ates, Lehrer: nc-atessu@netcologne.de; Huseyin Cicek, Sozialarbeiter: HU.Cicek@web.de; Kubilay Demirkaya, Selbständig:kubinet@web.de; Hasan Taskale, Lehrer: taschkale@gmx.de; Dr. soz. Kemal Bozay: kbozay@aol.com; Firdevs Sinemilli, Therapäutin: fsinemlilli@aol.com; Ebrahim Farshy, Theatermacher/Publizist: e.farshy@arcor.de

---

*سەرچاوە: *Quelle: Pressemitteilung der Gesellschaft für bedrohte Völker vom 10. April 2003 , Göttingen*

بەرپرسیار لە پێوەندی لە گەڵ قانونی راگەیاندن:

Suleyman Ates, Glockenblumenweg 4, 51061 Köln und Hasan Taskale, 51429 Bergisch Gladbach , Wachendorffstrasse 2

تێبینی: بۆ پشتیوانی و بەشداری و ئیمزاکردن لەو ئادەرسانە کە دیاری کراوان کەڵک وەرگرن. دەقی ئاڵمانی ئەم نووسراوەیە بۆ هەموو دەزگاکانی راگەیاندن و ناوەندە سیاسیەکان و حیزبەکانی ئاڵمان دەنێردرێ. چالاکی کۆمیتەی دەستپێشخەری هەڵبژاردنی سەراسەری پارلەمانی ئاڵمان بۆ سەلماندنی داواکانی کوردەکان لە رۆژی 15 ئاگۆستی 2005ەوە دەست پێدەکات.